ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

ڕاپۆرتی چالاکیەکانی

ڕێکخراوی لێکولینەوە و زانیاریەکانی جەندەر

هەولێر

ڕاپۆرتی چالاکیەکانی ڕێکخراو بۆ ساڵی 2023

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

زانیاری گشتی:

ڕێکخراو مۆڵەتی یاسایی وەرگرتوە بە پێ فەرمانی ئەمیند ا ریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران لە بغداد بە ژمارەی (1075356) لە ڕێکەوتی 2012-5-9. وە مۆڵەتی یاسایی ڕێکخراو لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان ژمارە ی تۆمار (134 - گ) بەرواری دەرچوونی بەڵگەنامەی تۆمار:2013-3-26.

ئامانجی ڕێکخراو ناساندن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی دەربارەی یەکسانی جەندەری و بنەماکانی ماف مرۆف, ڕێکخراوی لێکولینەوە و زانیاریەکانی جەندەر ڕێکخراوی نا حکومییە و قازانج نەویستە و سەربەخۆیە , و تایبەتە بە کێشەکانی جەندەر و ئافرەت و کاردەکات لە پێناو چەسپاندنی دیموکراسی و بلاوبونەوەی یاسا و بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی , لە ڕێگای جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژە کان. وە ڕێکخراو ئەندامە لە چەندین تۆر لەمانە:

1. تۆری چاودێری کردنی مافی مرۆف لە کوردستان.
2. تۆری ڕۆژ بۆ چاودێری کردنی هەلبژاردن.
3. تۆری ماف بۆ یاسای ڕێکخراوە نا حکومیەکان،
4. تۆری دادپەروەری بۆ زیندانیان لەسەر ئاستی عیراق.
5. تۆری نا بۆ توندو تیژی لە کوردستان.
6. پالاتفۆرمی نا بۆ شێواندنی کۆئەندامی زاوزێ مێینە.
7. منسقی هەولێر بۆ گروپی UPR.

8. ئەندام لە تۆری بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ.
9. ئەندام لە گروپی ژیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان.
10. ئەندام لە گروپی (مرۆڤ) بۆ چاودێریکردنی پێشلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە عیراق.
11. ئەندام لە تۆری هۆشیاری هەلبژاردن لە پارێزگای هەولێر.
12. ئەندام لە گروپی تۆربەندی بریاری 1325 لەسەر ئاستی عیراق.
13. ئەندام لە تۆری پاریزگارانی مافی مرۆڤ لە سەر ئاستی عیراق.
14. بەرێوبەری تۆری دەنگی ژنان بۆ ژنان .
15. ئەندام لە تۆری بەڵێ دەتوانم بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت لە عیراق.

گرنکترین چالاکیەکانی ریکخراو لەسالی 2023

لەسالی 2023 ریکخراومان چەندین پرۆژە و چالاکی لەبواری جیاواز ئەنجامدا وە لە گرنگترین ئەو پرۆژانەی کە جێبە جێکرا بەگشتی ئەمانە بوون :

1. ریکەوتی 2023-1-11

لە میانەی چالاکیەکانی ریکخراو کۆبوونەوە لەگەڵ بەریز (ئیلیسا مسینو) بەرێوەبەری پەیمانگای مافی مرۆڤ و بەریز (میشیل لیو) جێگری بەرێوەبەری پەیمانگا وە کۆمەلێك لە قوتابیانی زانکۆی جورج تاون لە ئەمریکا , وە بەدەستپێشخەری خاتوو (ناديه موراد) تاوتوێ کێشەکانی ئافرەتان کرا بەتایبەتی ئافرەتانی یزیدی رزگاربووانی داعش وە بەپێویست زانین کە دادگایەکی تایبەت دابمەزرێت بە تاوانەکانی داعش .

2. ریکەوتی 2023-1-25

کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز خاتوو (کوێستان محمد) وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی لە دیوانی وەزارەت وە لەکۆبونەوەکەدا باس لە کێشەکانی تایبەت بە توند تیژی دژ بە ژنان و بارو دۆخی ژنانی سزادراو راگیرا و لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و نەو جەوانان لە هەولێر وە هەروەها باس لە کێشە و گرفتی ئەو ژنانە کرا کە بێلانەن و لەسەر شەقامەکانن . وە لە دیدارەکەدا باس لە چۆنیەتی هەماهەنگی نێوان وەزارەت و ڕێکخراومان کرا بەتایبەتی کە ڕێکخراومان پرۆژەی (گەرانەوەی ژیان) جێبەجێدەکات لە چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان لە هەولێر .

3. ڕێکەوتی 25-1-2023

سەردانی کردنی بەڕێوبەرایەتی چاودێری کۆمەلایەتی و کۆبونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری چاودێری بەڕێز (زیتۆ تۆفیق) وە لە کۆبونەکەدا باس لە گرنگترین کێشەکانی تایبەت بە نەوجەوانان لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان لە هەولێر وە هەماهەنگی نێوان ڕێکخراومان و بەڕێوبەرایەتی چاودێری وە چۆنیەتی ناردنی ئەو نەوجەوانانەی کە بێ سەرپەرشتن یاخود بێ

خێزانن به تایبەتی کە ریکخراومان لە پرۆژەی (گەرانەوەی ژیان) کە پرۆژەکە لە بەرێوبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان نەوجەوانان جێبەجێدەکرێت .

4. رێکەوتی 2023-1-31

کونسلخانەی هۆلەندا لە هەولێر دیدارێکی بۆ ژمارەیەك لە رێکخراوەکانی ژنان رێکخست دیدارەکە بە ئامادەبوونی (بەهیە تهزیب) بالۆێزی مافی مرۆڤ لە هۆلەندا و (بکۆ بیریندز) کونسولی گشتی هۆلەندا لە هەولێر وە چەند دبلۆماتێکی بالۆێزخانەی هۆلەندا لەبەغدا ئامادەبوون باس لە بارودۆخی ژنان و وە گرنگترین تەحدیەکانی کە رێکخراوەکانی ژنان بەرەنگاری دەبنەوە لە کوردستان و لە عیراق .

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

کۆبوونەوەی گشتی هاوپەیمانی ژنانی کوردستان لە هەولێر بە ئامادەبوونی ئەندامانی هاوپەیمانی بەمەبەستی دارشتنی پلانی کارکردنی ساڵ 2023 وە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی هاوپەیمانی ژنان کە لە 7 ئەندام و 4 ئەندامی یەدەگ . لە کۆتایی کۆبونەوەکە گفتوگۆکرا لەسەر چەند بابەتێکی گرنگ وە رۆڵی میدیا وە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فشار و سووکایەتی نێو سۆشیال میدیا و راگەیاندن وە رۆڵیان لە کەم کردنەوەی توند و تیژی دژ بە ژنان .

6. ڕێکەوتی 3 و 4-2-2023

لە میانەی چالاکیەکانی ڕێکخراومان بە هاوکاری ڕێکخراوی NPA و تۆری پێکهاتەکانی عیراق لە پڕۆژەی پەرەپێدانی مافی کەمینەکانی عیراق , ئەنجامدانی ورکشۆپ بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بە بەشداربوونی نوینەرانی 23 ڕێکخراوی هاوبەش لە تۆری پێکهاتەکانی عیراق و ئەندامانی دەستەی ڕاوێژکاری وە بەڕێز (زیدان خلف) ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی عیراق بۆ مافەکانی مرۆڤ .باس لە چۆنیەتی نوسینی ڕاپورتی گشتگیر وە سیما و تایبەتمەندیەکانی نوسینی ڕاپورتی UPR. لە ڕۆژی دووەم باس لە چۆنیەتی نوسینی ڕاپورتی ریکخراوی UN بۆ مافەکانی مرۆڤ و چونیەتی نوسینی ڕاپورتی ڕێکخراوەکان و ڕاپورتی حکومەت .

7. ڕێکەوتی 2023-2-19

لە میانەی چالاکیەکانی ڕێکخراومان ئەنجامدانی کونفرانسی تۆری هاوپەیمانی پێکهاتنەکانی عیراق دەربارەی هەموارکردنی یاسای هەلبژاردن وە زامنکردنی کۆتای پێکهاتەکان لە هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ پێکهاتەکانی (یەزیدی - زەردەشتیەکان - کاکەیەکان - کوردی فەیلی) بە ئامادەبوونی (میر تەحسین بەگ) میری یزیدیان لە عیراق و جیهان وە خاتوو (میان خان) وە نوینەری پێکهاتەکان و نوینەری ڕێکخراوی یونامی .

8. رێکەوتی 2023-2-27

دابینکردنی جل و بەرگ وکەرستەی یاریکردن بۆ منداڵانی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان ئەو منداڵانەی کە لەگەڵ دایکیان لە چاکسازین بە هەماهەنگی بەرێز (هاوکار عوسمان) بەرپرسی هۆبەی (هەماهەنگی و بەدواداچون) وە بە هاوکاری کەسایەتی خێرخواز لە بەریتانیا (دکتۆر فریاد حەوێزی) چەندین جل و بەرگ و کەرستەی یاریکردن بۆ ئەو منداڵانە دابەش بکات کەلەگەڵ دایکیان دەژین لە چاکسازی .

9. رێکەوتی 15-3-2023

کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزەرانی پرۆژەی (گەرانەوەی ژیان) بۆ بەدواداچوونی کێشەکان وە ئەو ئاستەگەکانی کە پارێزەرەکان روو بەرووی دەبنەوە لەکاتی بەدواداچوونی کارەکانیان لە چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان لە هەولێر وە لە دادگا بە هاوکاری رێکخراوی مارشال لیجنسی MLI.

10-رێکەوتی 18-6-2023

کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزەرانی پرۆژەی (گەرانەوەی ژیان) بۆ بەدواداچوونی کێشەکان وە ئەو ئاستەگەکانی کە پارێزەرەکان روو بەرووی دەبنەوە لەکاتی بەدواداچوونی کارەکانیان لە چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان لە هەولێر وە لە دادگا بە هاوکاری رێکخراوی مارشال لیجنسی MLI.

11. ڕێکەوتی 2023-6-27

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی ئەشکەنجەدان پێشکەش کردنی ووتاری تۆری دادپەروەری بۆ بەندیان کە ڕێکخراومان دەستەی دامەزرێنەری ئەم تۆرەیە کە ساڵی 2006 دامەزرا .

12. ڕێکەوتی 2023-7-12

سەردانی دادگای پێداچوونەوەی هەولێر وە کۆبونەوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی دادگای پیداچوونەوە بەڕێز (فاخیر صابر بایز) وە دادوەران (محمد ئەحمد و دادوەر ئەمیرە) بە ئامادەبوونی پارێزەرانی ڕێکخراومان لە پرۆژەی (گەرانەوەی ژیان) بە هاوکاری ڕێکخراوی مارشال لیجنسیMLI . و هاوبەشی ڕێکخراوی JGF بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە خاتوو (ختام خاکانی). لە کۆبونەوەکە باس لە پرۆژەی (گەرانەوەی ژیان) کرا وە ناساندنی پارێزەرانی پرۆژە وە گرنکترین ئاستەنگەکانی کە کارمەندانی پرۆژە روو بەرووی دەبنەوە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیان وە چونیەتی هەماهەنگی کردن . کۆبونەوەی دووەم سەردانی کردنی

بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی نەوجەوانان وە کۆبونەوە لەگەڵ رائید (ئاورینگ محمد) باس لە چۆنیەتی هەماهەنگی کردن لە نێوان هەردوو لا وە کار ئاسان کردنی پارێزورانی پرۆژە .





13. ڕێکەوتی 2023-7-23

کۆبونەوەی یەکەمی بۆردی راوێژکاری ڕێکخراومان کە لە حەوت ئەندامی خۆبەخش پێکدێت وە بەداواچونی چالاکیەکانی ڕێکخراو وە کوسپەکانی وە چۆنیەتی پەرەپێدانی ڕێکخراو , ئەندامانی بۆرد ئەم بەڕێزانەن (پەخشان زنگنە , هۆگر چەتۆ , د. جوان بەختیار . د. حکیم قادر . دەروناس یوسف عوسمان , نازەنین عمر).

14. ڕێکەوتی 5-9-2023

کۆبونەوە لەگەڵ بەڕێز (تەیب عبدالعزیز) بەڕێوبەری چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان بەمەبەستی ئەنجامدانی راپرسی یەکەم دەربارەی واقعی چاکسازیەکان لە عیراق لە میانەی پرۆژەی (پەرەپێدانی مافی مرۆڤ لە چاکسازیەکانی عیراق) بە هاوکاری تۆری دادپەروەری بۆ بەندان لە راپرسیەکە بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی سزادراوان و راگیراوان و شوێنی چاکسازی و ژمارەی کارمەندان و کێشەکان و کەم کوریەکان و لایەنە باشیەکان .

15. رێکەوتی 3-10-2023

هۆشیاری بۆ 20 ئافرەتی ماڵەوە لە ناحیەی شاوێس لەسەر کاریگەری گۆرانی کەش و هەوا لەسەر ئافرەت وە پەیوەندی بە زیادبوونی توند و تیژی دژی ئافرەتان وە رۆڵی ئافرەتان لە پاراستنی ژینگە لە پرۆژەی پالپشتی دیموکراسی بە سەرپەرشتی رێکخراوی NPA-PAO.

16. رێکەوتی 7-10-2023

هۆشیاری بۆ 20 مامۆستا و فەرمانبەر لە قەزای شەقلاوە لەسەر کاریگەری گۆرانی کەش و هەوا لەسەر ئافرەت وە پەیوەندی بە زیادبوونی توند و تیژی دژی ئافرەتان وە رۆڵی ئافرەتان لە پاراستنی ژینگە لە پرۆژەی پالپشتی دیموکراسی بە سەرپەرشتی رێکخراوی NPA-PAO

17. رێکەوتی 2023-10-9

کۆبونەوە لەگەڵ بەڕێز (تەیب عبدالعزیز) بەڕێوبەری چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان بەمەبەستی ئەنجامدانی راپرسی دووەم دەربارەی واقعی چاکسازیەکان لە عیراق لە میانەی پرۆژەی (پەرەپێدانی مافی مرۆڤ لە چاکسازیەکانی عیراق) بە هاوکاری تۆری دادپەروەری بۆ بەندان لە راپرسیەکە بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی سزادراوان و راگیراوان و شوێنی چاکسازی و ژمارەی کارمەندان و کێشەکان و کەم کوریەکان و لایەنە باشیەکان .

18. ڕێکەوتی 2023-10-19

هۆشیاری بۆ 18 ئافرەتی ماڵەوە و فەرمانبەر لە قەزای بنەسڵاوە لەسەر کاریگەری گۆرانی کەش و هەوا لەسەر ئافرەت وە پەیوەندی بە زیادبوونی توند و تیژی دژی ئافرەتان وە ڕۆڵی ئافرەتان لە پاراستنی ژینگە لە پرۆژەی پالپشتی دیموکراسی بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی NPA-PAO.

19. ڕێکەوتی 2023-11-19

کۆبونەوە لەگەڵ بەڕێز (تەیب عبدالعزیز) بەڕێوبەری چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان بەمەبەستی ئەنجامدانی راپرسی سێیەم دەربارەی واقعی چاکسازیەکان لە عیراق لە میانەی پرۆژەی (پەرەپێدانی مافی مرۆڤ لە چاکسازیەکانی عیراق) بە هاوکاری تۆری دادپەروەری بۆ بەندان لە راپرسیەکە بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی سزادراوان و راگیراوان و شوێنی چاکسازی و ژمارەی کارمەندان و کێشەکان و کەم کوریەکان و لایەنە باشیەکان .

20. ڕێکەوتی 19-11-2023

کۆبونەوەی ئەندامانی هاوپەیمانی ژنانی کوردستان لەگەڵ ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشە پێدان خاتوو (د. خانزاد ئەحمەد) بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ 16 ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان , ڕێکخراومان ئەندام ودەستەی کارگێری هاوپەیمانی ژنانی کوردستانە کە لە 40 ڕێکخراوی ئافرەتان و کەسایەتی چالاکوانی ئافرەت لەسەر ئاستی هەرێم ئەندامن لە هاوپەیمانی .

21. رێکەوتی 5-12-2023

بەچاودێری وەزیری ناوخۆ بەڕێز (ڕێبەر ئەحمەد) وە بەئامادەبوونی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان وە بەڕێوبەری گشتی بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان و خێزان . لە چوارچێوەی هەڵمەتی 16 ڕۆژی بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان کۆبوونەوە یەکی بەر فراوان لەگەڵ نوێنەری چەند ڕێکخراوێکی ئافرەتان لەسەر ئاستی هەرێم و بەڕێوبەرایەتی و نوسینگە و هۆبەکانی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان و خێزان وە لە کۆبوونەوەکەدا باس لە گرنکترین کێشەکانی ڕووبەرووی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەڕێەبەرایتەکانی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دەبنەوە .

21. ڕێکەوتی 5 الی2023-12-17

بە بۆنەی هەڵمەتی 16 ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان وە بە پالپشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان وە ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان UN لە ژێر دروشمی (یەکبگرن , وە بەرهێنان بۆ ڕێگریکردن لە توند و تیژی دژی ئافرەتان و کچان) لەڕێکەوتی 11/25 تاکو 2023/12/17 بە چەندین چالاکی لە ئامادەییەکانی کچان لە ناو شار و ناحیەو قەزاکانی (هەولێر) کە تێدا قوتابیانی پێکهاتەکانیش بەشداربوون لەوانە پێکهاتەکانی (مەسیحی و تورکمان و عەرەب) وە سیمینارەکان چەندین بابەتی تێدا باس کرا (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی خێزانی , ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژ بە ئافرەتان و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن) بە بەشداربوونی قوتابیانی قوتابخانەکانی ئامادەیی کچان لە پارێزگای هەولێر کە ژمارەیان (1095) قوتابی کچ لە (19) قوتابخانە وە سیمینارەکان لەم شوێن بەروارانەی خوارەوە ئەنجام درا :

ژ	ناوی قوتابخانە	شوێن	رێکەوت	ژمارەی قوتابیان	ناوی راهێنەر
1-	ئامادەیی عەنکاوەی کچان	قەزای عەنکاوە	5-12-2023	121	رمزیە زانا
2-	ئامادەیی ئەنالیندی کچان	گەرەکی ئاری	6-12-2023	40	کانیاو بایز
3-	ئامادەیی بینایی کچان	قەزای کەسنەزان	6-12-2023	50	کانیاو بایز
4-	ئامادەیی شە پۆلی کچان	ناحیەی شاوێس	6-12-2023	49	کانیاو بایز
5-	ئامادەیی بێخالی کچان	گەرەکی کوردستان	7-12-2023	61	رمزیە زانا
6-	ئامادەیی روناکی کچان	گەرەکی روناکی	7-12-2023	44	رمزیە زانا
7-	ئامادەیی چناری کچان	گەرەکی کوران	10-12-2023	101	رمزیە زانا
8-	ئامادەیی پیشەیی ئێواران	گەرەکی روناکی	10-12-2023	24	رمزیە زانا

9ـ	ئامادەیی باخانی کچان	قەزای بنەسڵاوە	11ـ12ـ2023	48	کانیاو بایز
10ـ	ناوەندی پەروای کچان	ناحیەی دارەتوو	11ـ12ـ2023	39	کانیاو بایز
11ـ	ئامادەیی ئارینگۆی کچان	قەزای بنەسڵاوە	11ـ12ـ2023	41	کانیاو بایز
12ـ	ئامادەیی نەرین ی کچان	قەزای عەنکاوە	12ـ12ـ2023	34	بوشرا مزهر جاسم
13ـ	ناوەندی بەهرەی کچان	گەرەکی ئازادی	12ـ12ـ2023	77	بوشرا مزهر جاسم
14ـ	ئامادەیی رێواسی کچان	گەرەکی ژیان	13ـ12ـ2023	133	رمزیە زانا
15ـ	ئامادەیی شەبەنگی ئێواران	گەرەکی منتکاوە	13ـ12ـ2023	67	رمزیە زانا
16ـ	ئامادەیی غەریبی	گەرەکی روناکی	14ـ12ـ2023	27	رمزیە زانا

17ی	ئامادەیی زهرای کچان	گەرەکی روناکی	14ی12ی 2023	52	بوشرا مزهر جاسم
18ی	ئامادەیی صلاحەدینی کچان	گەرەکی تەیراوە	17ی12ی 2023	45	کانیاو بایز
19ی	ئامادەیی شەهید مامون دەباغ	گەرەکی کۆێستان	17ی12ی 2023	42	کانیاو بایز
	کۆی گشتی				1095

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

22. رێکەوتی 31-12-2023

کۆبونەوەی دەستەی کارگێری تۆری دادپەروەری بۆ بەندەکان وە لەکۆبونەوەکەدا راپۆرتی ساڵانەی تۆرەکە لەسەر ئاستی عیراق تایبەت بە بەندیخانە و چاکسازیەکان لەسەر ئاستی عیراق کە رێکخراومان دەستەی دامەزرێنەری تۆری دادپەروەری بۆ بەندیەکان وە ئەندامی دەستەی کارگێری تۆرە لەسەر ئاستی عیراق .